# خێڵ .... حیزب ... برا گەورە!!

حەمە کەریم عارف

"1"

ئەگەر سەرنجی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردەواری بدەین دەبینین لە کۆنەوە تەنانەت تا ئەمرۆکەش خێڵو پەیوەندییە خێڵەکییەکان حوکمیان کردوەو ڕێکیان خستووەو ئاراستەیان کردووە. ئیدی هەر خێڵەش لە سنووروئاقاری خۆیداو دوور لە هەر تەماسێکی جدیی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوری دەگەڵ خێڵەکانی ترداو بگرە تارادەیەکی زۆر گۆشەگیرانە ژیاوەو بە ئەزموونێکی فرە سادەو ساکارو تا رادەیەك غەیبیانە ژیانی جەرباندووە،جا لەم کۆمەڵگەیەدا شتێك نییە ناوی هاوڵاتی بێت. هاوڵاتیەت لە فەرهەنگی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا نییە، بەڵکو پابەندیو وەفاداری خێڵایەتی هەیە.

هەڵبەتە خێڵو خێڵایەتی بۆ خۆی دیاردەیەکەو هیچ میللەتو نەتەوەیەك لێی بەدەر نەبووە. بێگومان ئەمە دیاردەیەکی ئەزەلی نیە کە لە چارەی خەڵکانێك نووسرابێو لە چارەی خەڵکانێکی تر نە نووسرابێ .بەڵکو بەرەنجاموزادەی قۆناغی مێژویی تایبەتیەو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەندامانی ئەو خێڵەوە.. ئیدی خێڵ بووە بە دەزگایەكو کاروباری ئیداریو کۆمەڵایەتی ونیمچە ئابوریو ڕامیاری ئەندامانی خێڵی بە گوێرەی هەندێ دابو نەریتو خووخدەی خێڵەکیانە ڕێکخستووە. هەر خێڵەو لە ئاقاری خۆیدا جۆرە مەملەکەتێکی تایبەتی دامەزراندووەو لە رووی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە پشتی بە بنەماو پرەنسیپی خزمایەتیو خوێن بەستووە. لە رووی رامیارییەوە بنەمای دابو نەریتی کردووە بە سەنگی محەكو چ مەسەلەیەکی چینایەتی نەناسیووەو دانی پێدا نەناوە. دەسەڵاتی سەرخێڵو -کە لە هەندێ هۆزدا سەرکۆماری پێ وتراوە- ئەنجوومەنی خێڵ لەبری حوکمی دەوڵەت بووە. لە رووی ئابوریشەوە پشتی بە هەرەوەزو گەلەکاری بەستووەو دیاریو دەسکەوتو تاڵانییەکانی خێڵیش بەکۆمەڵو بۆ هەمووان بەکار هێنراوە.. واتە جۆرە موڵکایەتییەکی گشتی وەك پاوەنو لەوەرگەو جۆبارو کانیاوانو پەزو پەزداری هەبووەو سەرەك خێڵ برا گەورە بووە. لە جیاتی هەمووان بیری کردووەتەوە، شەڕی کردووە، ئاشتی کردووە، کچی بە شوو داوە، بڕیاری چارەنووسسازی داوە...هتد.ئەندامی خێڵ تەنیا پابەندیو وەفاداری لەسەربووە، واتە خێڵ یەکەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی سەربەخۆیەو پەیوەندی خوێنو خزمایەتی کۆیان دەکاتەوەو یەکیان دەخات. واتە لە سایەی سیستەمی خێڵدا، لە ئاستە ئینسانیەکەدا تاك پتر بوونێکی مرۆڤانی خێڵەکیانەی ڕەگەزپەرستانەی هەیە تا بوونێکی مرۆڤانی کۆمەڵایەتی هەبێ کە وەکو خۆیو بە ئەزموونی خۆی ژیان بجەربێنێ و ئینسانیەتی خۆی تێدا ڕیشاژۆ بکاتو دەستبەرداری تاکایەتی خۆی نەبێت.

"2"

به هەرحاڵ دیاردەی خێڵایەتی بە هەموو یاساو ڕێسایەکییەوە هەر دەگاتە قۆناغی پیربوون‌و مردن‌و ئیدی قۆناغی پاش خۆی دەینێرێت. گەورەترین فاکتەری داوەشین‌و هەڵوەشانەوەی سیستەمی خێڵایەتی سەرهەڵدان‌و پەیدابوونی پەیوەندییانی بەرهەمهێنانە. چونکە سەرهەڵدان‌و پەرەسەندنی بەرهەمهێنان زۆر دیاردەو پەیوەندی دیکەی میناکی(وەکو) دانوستانی بازرگانی، کاری بەکرێ، یاساو ڕێساو دروستبوونی چین‌و توێژی کۆمەڵایەتی جیاواز لە رووی ئاستی گوزەرانەوە، دابەشکردنی کارو دروستبوونی دەوڵەت‌و دەسەڵاتی دەستووری لێدەکەوێتەوە کە خێڵ‌و ئەقڵیەتی خێڵ دان بە هیچ یەکێك لەمانەدا نانێت.بەڵکو هێندەی بۆی بکرێ بەربەرەکانی دەکات.چونکە ئەگەر بە شێوەیەکی خۆڕسکیش بووە هەست بەوە دەکات کە ئەو فاکتەرانە زەمینەی مەتریالی‌و مێژوویی بۆ لەناوچوونی خێڵ‌و سیستەمی خێڵایەتی خۆش دەکات،و ڕێگا لە بەردەم سەرهەڵدانی نەتەوە یان گەل وەکو کۆمەڵگەیەکی سیاسی یەکپارچەی پابەندی یاساو سیستەم دەکاتەوە. خۆ سەرهەڵدانی گەل‌و نەتەوەش بە واتا زانستییەکەی دەکاتە پیادە بوونی یاساورێساو نیزام وچین وتوێژی جیاوازی کۆمەڵایەتی ودابەشکردنی کارو زاڵبوونی ئەقڵیەتی شارستانیانەی مۆدێرن، دانوستانی بازرگانی وپەیوەندی کۆمەڵایەتی دوور لە هاوخوێنی وخزمایەتی، کە ئەمانە سە قامگیر بوون ئیدی خێڵ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵایەتی وئابوری وئیداری ونیمچە سیاسی وتەنانەت وەکو پێکهاتەی سیستەمی خێڵایەتیش لە نێو دەچێت.بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە لەگەڵ هەرەسهێنانی پێکهاتەی سیستەمی خێڵایەتیدا ئیدی هزروهزرین وداب ونەریتی خێڵایەتی خۆبەخۆ وسوك وباریك بارگە لێکدەنێ وسەری خۆی هەڵدەگرێت ودەڕوات.بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاسەواری سیستەمی خێڵایەتی بە هەموو لق وپۆپەکانییەوە دەمێنێ، گەر بە بەرنامە هەوڵی سڕینەوەی نەدرێ رەنگە دەیان ساڵ وبگرە زیاتریش بخایەنێ تا بە تەواوەتی بنبڕ دەبێت (باشوری کوردستان نموونەیەکی زندووی ئەم دیاردەیەیە)..کەواتە زەرووڕەتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، سیستەمی خێڵایەتی وەکو دیاردەیەکی هەڤبەندی پاشڤەرۆی ژیان لە نێو دەبات.بۆیە هەر هەوڵێك بۆ هێشتنەوەو بوژاندنەوەی گیانی خێڵایەتی، بە هەر مەبەستێك بێ! ئەگەر لە سەرەتاشەوە فشە دەسکەوتێکی تاکتیکی بە دوودا بێت، ئەوا وەکو ستراتیژ هەوڵێکی بێهودەیە.چونکە ئەو جۆرە هەوڵە دژایەتی کردنی ڕەوتی رەورەوەی مێژوو وچەرخی ڕۆژگارە، دیارە ئەمەش لە توانای هیچ رژێم ودەسەڵاتێکدا نییە ونابێت.کەواتە سیستەمی خێڵایەتی هەرکە هاتە پیربوون، کەوتە سەرە مەرگ دەبێ زەمینە بۆ زووتر مردن و بە پەلە ناشتنی خۆش بکرێ..

"3"

سەبارەت بە کوردەواری، بە تایبەتی بەشی باشوری کوردستان، ئەز هزر دەکەم سیستەمی خێڵایەتی وەکو بونیادێکی کۆمەڵایەتی لە دوا ساڵەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە بەرەبەرە هاوسەنگی خۆی لە دەست داو تانۆپۆی سست بوو،ورۆڵی کۆمەڵایەتی دایە کزی ونەیتوانی خۆی لەگەڵ سەردەمی تازەدا نوێبکاتەوەو بسازێنێ،و وەڵامی پێداویستییە کۆمەڵایەتی، ئابوری وسیاسییەکانی وەخت بداتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە وڵاتانی داگیرکەری کوردیش هەریەکەیان بۆ خۆیان و لەبە خاتری بەرژەوەندی خۆیان و بە پێی بارودۆخی وڵاتی خۆ چەندین یاسای ریفۆرمی کشتوکاڵییان دەرکرد،کە هێندەی دی بێنی سیستەمی خێڵایەتی، چ هی خۆیان و چ هی کوردوکوردستان وەکو کۆڵۆنیی

وپاشکۆی ئەوان، تەنگ کرد. ئەمە جگە لە کردنەوەی قوتابخانان و بڵاوکردنەوەی خوێنەواری، هەرچەند لە بەشەکانی کوردستاندا یەجگار کەم بووە..هەر وەها کردنەوەی هەندێ ڕێگاوبانان، ئەگەرچی بۆ مەرام و مەبەستی سوپایی و داگیرکاری بووە..ئەمە جگە لەوەی کە کۆمەڵێك یانە ورێکخراوی ڕۆشنبیریی وکۆمەڵایەتی و حیزبێن سیاسی کوردی چ وەکو چاولێکەری و چ وەکو وەڵامدانەوەی پێداویستییە کۆمەڵایەتی ومێژووییەکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ، لە بەشە جیا جیاکانی کوردستاندا سەریان هەڵداوەو هێندەی دی یاساورێسای خێڵیان وەکو دەزگایەکی کۆمەڵایەتی وئیداری لە گرێژەنە بردووە..دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی پێشکەوتووخوازانە بووە، زەمینە خۆشکەر بووە بۆ ئەوەی هەموو خێڵە گۆشەگیرو هەڤدژەکان لێکدی نزیك ببنەوەو لە بۆتەی یەك گەل یا نەتەوە یان کۆمەڵگەیەکی سیاسی دا قاڵ ببنەوەو دەسبەرداری ئینسانیەتی خێڵەکیانەی خۆ ببن و بەرەو ئینسانییەتی کۆمەڵایەتی بچن و خودی خۆیان بە دەست بێننەوە و بەرەو بە هاووڵاتی بوون بچن وپەیوەندی ئینسانی کۆمەڵایەتی جێی پەیوەندی ئینسانی خێڵایەتی بگرێتەوە..بەڵام وەکو ئاماژەمان کردێ وەختێ کە پێکهاتەی سیستەمی خێڵایەتی هەرەس دێنێ، ئاسەوارەکەی بۆ ماوەیەکی زۆر هەر دەمێنێ و کەم و زۆر لە سیستەمی کۆمەڵایەتی پاش خۆیدا ڕەنگ دەداتەوە، بە تایبەتی بۆ میللەتێکی بندەستی کۆڵۆنی وڵات کە چارەنووسی بە دەست خۆی نەبێت و نەهێڵرێ بە ئەزموونی تایبەتی خۆی بژی و ژیان بجەرَبێنێ. بۆیە ئەو یانە ورێکخراو و حیزبانەی کە شەرعییەتی خۆیان لە پێداویستییە هەمە جۆرەکانی سەردەم و قۆناغی خۆوە وەرنەگرتبوو هەر زوو پوکانەوەو لە نێوچوون..

"4"

بە هەرحاڵ ئاخروئۆخری سەدەی بیستەم گەلەك گۆڕانکاری ئابوری وسیاسی وسوپایی و جوگرافی ...چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی جیهانیدا بە خۆوە بینی.کوردستانی ئێمەش، بە تایبەتی بەشی باشور، وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە جیهان ، کەم وزۆر، ڕاستەوخۆو ناراستەوخۆ، پزیسکی ئەو گۆڕانکاریانەی بەرکەوت..دیارە هەر گۆڕانێکی مەزن تا تەواو سەقامگیر دەبێت و ڕەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرێت ،جۆرە ئەنارشیزم وبێ نەزمییەکی بەگەڵ دەکەوێت..لە کوردستانی عێرقدا جەماوەری تینو وتامەزرۆی ئازادیوسەربەستی، ڕاپەڕی، ئەوەی نیشان دا کە خەڵکی کوردستان کۆیلە سروشت نییە وگەر دەرفەتی بۆ هەڵبکەوێ دکارێت بە گژ گشت زوڵم وزۆرێکدا بچێت و مێژووی ڕاستەقینەی خۆی بە دەستی پڕ توانای خۆی دروست بکات..ڕاپەڕین بەرەنجامی فاکتەرە خودی و بابەتییەکانی گۆڕان بوو.بۆیە وڵات لە کاتی ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕیندا جۆرە بێ نەزمییەکی ،وەکو دەرهاویشتەی گۆڕان لێکەوتەوە کە بۆ سەرەتای قۆناغەکە ڕەنگە پاکانەی خۆی هەبێ و بڕێك ئاسایی بنوێنێ، بەڵام بۆ دواتر هەرگیز ئاسایی نییەو بگرە پڕ مەترسیشە.

بە هەرحاڵ ڕاپەڕین سەرەتای قۆناغێکی تازە بوو.یانەو ڕێکخراوو حیزبی تازە دروست بوون، دروستکران!حیزبە کۆنەکان سەریان قوتکردەوەو ئاهێکیان تێگەڕا، بوژانەوە، جۆری پەیوەندییەکان گۆڕا،ڕەوت وئاراستەکان گۆڕان..جەماوەری سەر بە خێڵەکان وگوندییەکان ڕژانە ناو شاروشارۆچکەکانەوە، کە لە رووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیەوە سووکە جیاوازییەکیان دەگەڵ پەیوەندی کۆمەڵگەی خێڵەکی وکۆمەڵگەی دێهاتنشینەوە هەبوو..واتە

**خەڵکەکە لە گۆشەگیریی خێڵەکی خەلەسین، هەڵبەتە ئەم گۆشەگیرییە یەکێکە لە فاکتەرەکانی پاراستنی سیستەمی خێڵەکی، لە کاریگەریی فاکتەرە دەرەکیو ناوخۆکان، هیچ شتێك بۆ هێشتنەوەو بەردەوامانی هێزی سیستەمی خێڵەکی وەك بەرهەمهێنانی کەم وسنووردارو گۆشەگیری وکەمی تێکەڵاوبوون و پەراگەندەیی و پەرتەوازەیی ژمارەی دانیشتووان کاریگەر نییە..**

**بەهەرحاڵ ڕاپەڕین سەرەتای قۆناغێکی تازە بوو، دەوری خێڵی وەکو دەزگایەکی کۆمەڵایەتی ئیداری تەواو لاواز کرد،و جەزرەبەیەکی توند بوو لە هەر بەرژەوەندی وهزرو داب ونەریت و خوو خدەیەکی خێڵایەتی..بەڵام ئاسەواری سیستەمی خێڵایەتی بە تەواوەتی نەبڕایەوەو بگرە هەندێ خەڵکی دەسڕۆو گەورە بەرپرسی ناو حیزبەکان وخودی حیزبەکان کە لە رووی پێکهاتەیانەوە رەگ و ریشەیان دەچێتەوە سەر سیستەمی خێڵایەتی، لە زۆر ڕووەوە بە مەبەستی جۆراوجۆر ودەسکەوتی تاکتیکی دەستیان دایە باڵی سیستەمی خێڵایەتی، قۆناغە تازەکەیان پێ لەوتاندو شوێنەوارەکەی لە هەموو بوارە ئابوری وسیاسی وکۆمەڵایەتی وئیداری و تەنانەت رۆشنبیرییەکانی ئەمڕۆی کوردەواری دا کە هەر هەمووی مۆرك وشەقڵی تۆتالیتاریی ومیلیشیایی وەرگرتووە، زەق و دیارە..بەڵام بمانەوێ ونەمانەوێ دەوری کۆمەڵایەتی سیستەمی خێڵایەتی تەواو بووەو چیتر گرەوی لەسەر ناکرێ، با وەکو بیرو کاریگەرییش لێرەو لەوێ ڕەنگدانەوەیەکی کاڵیشی هەبێ ، رۆژ بە رۆژ پتر بەرەو نابووتی تەواوەتی دەچێت..ئەمرۆکە زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری کوردەواری ڕژاونەتە ناو شارەکان، بونیادو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان روو لە گۆڕانن.ئەو کۆمەڵگە خێڵەکیانەی کە جاران لە چوارچێوەی خێڵدا، گۆشەگیرو دوورە پەرێز، تەنیا تەماسێکی خێڵەکیانەیان دەگەڵ خودی خێڵی خۆدا هەبوو ولە رووی بژێوی و گوزەرانەوە لە یەك ئاستا بوون یان زۆر لە یەکدییەوە نزیك بوون و لە رووی ماف و ئەرکەوە یەکسان ونیمچە یەکسان بوون وجۆرە هەڤبەندییەکی ناوخۆیان لە چوارچێوەی یەك ئاقاردا هەبوو، بە ناچاری بەگەڵ رەوتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە تازەکە دەکەوێت وبەرەبەرە لە مەرگی خێڵ کە جاران پشتو پەنای بوو، دڵنیا دەبێت و تەفاعول دەگەڵ واقیعە نوێیەکەدا کە بەرەبەرە خودی خێڵَو سەرخێڵەکەش لە بۆتەی خۆیدا دەتوێنێتەوە، دەکات..ئیدی پەیوەندی کارو بەرهەمهێنان وچەوساندنەوەو چەوسێنەرو چەوساوەو ریفۆرم و دابینکردنی خزمەتگوزاری هەمە جۆر بە چاوی خۆی دەبینێ وواقیع و زەروورەتی ژیان چاوی دەکاتەوەو هۆشی دەبزوێنێ وجیاوازی چینایەتی فرە دەبینێ و خێڵەکان بەرە بەرە لە چوارچێوەی یەك گەل ونەتەوەدا تێکەڵ دەبن کە هەرگیز بە سیستەمی خێڵایەتی نابرێت بەرێوە.بەڵکو دەبێت حکومەت بیبات بەڕێوە..جا لەم کۆمەڵگە تازەیەدا پەیوەندی خوێنو خزمایەتی دەداتەوە کەندێ و پەیوەندی پیشە وکار و بەرهەم و سەرمایە وکاسبی وبێکاری و...برەو دەستێنێ و ئەندامی گۆمەڵگە داوای هاووڵاتیەت دەکات و هاووڵاتی بوونی یەکسان لە بەردەم یاساودەستوورا..واتا یاساو دەستوور دەبێ بە زامنی مافی هەر هاووڵاتییەك وئەرکەکانی دیاری دەکات وچیتر پێویستی بە پشت وپەناو پارێزەری وەکو خێڵ وحیزب و...نامێنێ..کە مەخابن لدەف مە تا نهوژی حیزب لە زۆر رووەوە دەوری خێڵ دەبینێ!! ئەمە جگە لەوەی بوون بە سەرچاوەی بژێوی وکاسبی ودەسەڵات و خۆ سەپاندن و خۆنواندن بەسەر خەڵکیدا. دیارە کە حیزب بوو وکرا بە سەرچاوەی ژیان و... لە هەر ئایدۆلۆجیاو ئەخلاقێك دەشۆرێتەوە..زۆر حیزبمان هەن هیچ زەرورەتێکی مێژوویان لە پشتەوە نییە و تەنێ دوکانی سیاسین و!!لە رۆژێکدا**

دەیان دابخرێن هیچ بۆشاییەکی سیاسی دروست نابێت وکەس تاقە فرمێسکیان بۆ نارێژێت ،تەنیا دوکاندارەکان خۆیان نەبێ، هەنگێ بە پەلە دەکەونە ئەوەی لە قەیسەرییەکی دی دا دوکانێکی دی بە هەمان ناوەوە یان بە ناوێکی تازەوە بەکرێ بگرنەوە !!

"5"

جا ئەو کەسە خێڵەکییەی کە لە سایەی سیستەمی خێڵایەتیدا، خێڵی بە هەموو شتێکی خۆی دەزانی، بە خودی خۆی وبە ژیانی تایبەتی وگشتی خۆی دەزانی وسەنگ وبایەخی خۆی لە خێڵدا دەبینی..کە دەبینێ خێڵ لە پاشەکشەو سەرەمەرگدایە، کۆڵەکەکانی یەك یەك دەڕوخێن و بونیادەکەی هەرەس دێنێ، دەبێ بۆ ئەلتەرناتیف بگەڕێ، بۆیە هەستی وابەستەگی نەتەوەیی‌ونیشتمانی و لەوێشەوە هەستی وابەستەگی چینایەتی لا دروست دەبێت..بۆیە خێڵ کە هاتە شارەوەو کەوتە سایەی پەیوەندی تازەوەو پەیوەندی خوێن وخزمایەتی گۆڕا بۆ پەیوەندییەکی تازەی بەرهەمهێنان، ئیدی لە بناغەوە هەڵدەوەشێتەوەو دابەش دەبێت بەسەر گەورە فەرمانبەران و وردە کارمەند، کرێکارو جووتیارو پیشەوەرو کاسب وبێ کارو رۆشنبیر ونارۆشنبیر...وبەکوردی وبەکورتی دابەش دەبن بەسەر چین وتوێژی کۆمەڵایەتی جیاوازو یەك بەرژەوەندی وئابوری کۆیان ناکاتەوەو لە یەك ئاستی بیرکردنەوەشا نابن وئاستی بژێویان چوون یەك ویەکسان نابێت. سەیر دەکەی دووکەس کە لە ئەسڵدا لە یەك خێڵن یەکێکیان کەناسەو یەکێکیان بەڕێوەبەری گشتییە، نەك هەر پەیوەندی خوێن ووابەستەگی خێڵایەتی کۆیان ناکاتەوە،بەڵکو خواشیان یەك نابێت..کەناسەکە پتر پەیوەندی دەگەڵ هاوپیشەکانی خۆیدا دەبەستێ تا لەگەڵ هاوخێڵەکانیا..بەمجۆرە بەرە بەرەو بە تێپەڕبوونی رۆژگار ئەندامانی خێڵ دابەش دەبن بەسەر خەڵکانی هەژارو دەوڵەمەندا، بەسەر خەڵکانی بەرژوەند جیاوازا، ئەوەندەی پەیوەندی پیشەیی وچینایەتی یەکیان دەخات، پەیوەندی خێڵایەتی یەکیان ناخات..ئیدی بەمجۆرە جیاوازی چینایەتی تا دێ قوڵتر دەبێت وپەیوەندییەخێڵایەتییەکان دەسڕێتەوەو پەیوەندی وبەرژەوەندی چینایەتی جێی دەگرێتەوە.هەڵبەتە ئەم پرۆسەیە وەختێکی زۆر دەبات، بۆیە دەبێت بە زەبری تێکۆشان وخەباتی ئایدۆلۆجی وسیاسی وفێرکاری و....خێرایی پێ ببەخشرێت..ئیدی گۆڕانکارییە شارستانییەکان، سیستەمی خێڵایەتی لە گۆڕ دەنێت ودەسەڵاتی دەوڵەت ویاساو دەستور جێی دەگرێتەوەو کۆمەڵگەی تازە لەسەر بنەمای پەیوەندی بەرهەمهێنان بە هەموو سەلبیات وئیجابیاتێکیەوە چێدەبێت و ئیدی مرۆڤ وەکو خۆی وەکو هاووڵاتی لە چوارچێوەی یاساو رێساو دەستوردا بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی و هاوبەستەگی چینایەتی وپیشەیی خۆی شێوازی ژیان هەڵدەبژێرێت..هەڵبەتە دەسەڵات و رژێمیش هەرچییەك بێت، بە تایبەتی لەو قۆناغە رەوتەنیەدا کە هێشتا خۆی ساغ نەکردووەتەوەو لاقێکی لە سیستەمی خێڵایەتیدایەو لاقێکی لە واقیعی زەروورەتی مۆدێراندنی پەیوەندییە هەمە جۆرەکاندایە، بە ئانقەست وبە بەرنامە کار بۆ روخاندنی بونیادی خێڵەکی ناکات، چونکە بە هێشتنەوەی ئەم بونیادە، کۆسپ دەخاتە بەردەم یەکێتیی گەل کە لە قازانجی دەسەڵاتدا نییە.بۆیە دەسەڵات هەر کارێك، هەر ریفۆرمێك، هەر گۆڕانێك بکات،بەو مەبەستە دەیکات کە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە هەموو روویەکی ئابوری و سیاسی و سوپاییەوە زامن و ڕیشاژۆ بکات..هەڵبەتە لەسایەی ئەم بونیادە کۆمەڵایەتی- ئابوریە تازەیەدا کە بە زۆری لە سەرەتاوە

دەسەڵات لە دەستی خەڵکانێکی کەمدا قۆرخ دەکرێ وریژەی هەرە زۆری سەروەت و سامان لەلای چینێکی کەم کەڵەکە دەبێت،ودیاریشە بۆ بەکارهێنانی راستەوخۆش بەکار ناهێنرێ وزیاتر دەخرێتە معامەلەوەو بە شێوەیەکی فراوانتر بەرهەم دەهێنرێتەوە..جۆرە هوشیاری ورۆشنبیرییەك برەو دەستێنێ کە دەشێت ناو بنرێ سیاسەتی سازان وگونجان دەگەڵ رژێم و دەسەڵاتی رۆژدا.بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا رەوتێکی نارازی پەیدا دەبێت کە دەشێت ناوبنرێ هەوێن وئامیانی هۆشمەندیورۆشنبیریی ئۆپۆزیسیون.جا رەوتی یەکەم گوێڕایەڵ وفەرمانبەرداری دەسەڵاَتەو رەوتی دووەم یاخی و نارِازییە.هەرکە بوو بە هێزێکی کۆمەڵایەتی- سیاسی و سەنگی پەیداکردو گوشاری خستە سەر رژێم و دەسەڵات، ئیدی دەسەڵات بۆ سەرکوتکردنی یان پەنا وەبەر هێز دەبات، یان بە ناوی ریفۆرمەوە کۆمەڵێك تەنازولات دەکات و قوربانی بە هەندێ شتی بچووك لە پێناوی پاراستنی خودی رژێم ودەسەڵاتەکەدا دەدات . دیارە ئەم پینەو پەڕۆیە گەر وەکو تاکتیکش ئەنجامێك بە دەستەوە بدات، ئەوا وەکو ستراتیژ سەرناگرێ..بۆیە دەسەڵات دەبێت وەکو دیاردەو حاڵەتێکی دروست و ئاسایی بڕوانێتە هەر ئۆپۆزیسیونێکی رەسەن و خۆڕسك وهەڵقوڵاوی واقیعی ناکۆك و جیاوازی چینایەتی، ومامەڵەی لە تەکدا بکات. باوەڕی تەواوی بە دەساودەسکردنی دەسەڵات هەبێت وئەم کێشماکێشە بە مایەو ماکی هەر پەرەسەندنێك بزانێ وتاقە چەکی دەستی تەنیاو تەنیا سەندووقی هەڵبژاردن و ریفراندۆم بێت..